**وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**
**ژمارە ٨٧٠٣ لە ٢٠١٥/٩/٣**

**پاڵپشت بڕگەی (حەوتەم) لە ماددەی (٢) لەیاسای پاراستن و پێشخستنی بەرووبومی کشتوکاڵی ژمارە (٤)ی ساڵی (٢٠٠٨) و بۆ زیاتر کۆنترۆڵکردنی هاوردەی سەوزەو میوەی جۆراوجۆر لەرووی چەندایەتی وچۆنیەتی وبەمەبەستی پاراستنی بەرهەمی خۆماڵی و تەندروستی وسەلامەتی هاوولاتیان ئەم رێنماییانەی خوارەوەمان دەرکرد :-**

## رێنمای ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ٢٠١٥
## تایبەت بەهاوردەکردنی بەرهەمی سەوزەو میوە بۆ هەرێمی کوردستان – عێراق

**ماددەی ( ١ ):**

**مەبەست لەو زاراوانەی خوارەوە ئەمانەن :-**

١- **هاوردەکردن:** هاوردەکردنی بەرهەمی وولاتانی دەرەوە. لەرێگەی خاڵەی سنوریەکان بێت یان بازگەکان یان فرۆکەخانەکان.

٢- **کۆمپانیا کشتوکاڵیەکان:** گشت ئەو کۆمپانیا کشتوکاڵیانە دەگرێتەوە کە لە هەرێمی کوردستان تۆمارکراون ، هەروەها ئەو کۆمپانیایانەی کە لە پارێزگاکانی تری عێراقی فیدراڵ تۆمارکراون وداواکاریان وبەنوسراوی فەرمی وەزارەتی کشتوکاڵی عێراقی فیدرال دەگاتە وەزارەتی کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو لەهەرێمی کوردستان.

**ماددەی ( ٢ ):**

**( مەرجەکانی هاوردەکردن )**

١- تەنها خاوەن کۆمپانیا کشتوکاڵیەکان و نوسینگەکانی خاوەن عەلوە بۆیان هەیە هاوردەی بەرهەمی سەوزەو میوە بکەن.

٢- دەبێ مۆڵەتی هاوردەکردنی هەبێت لە وەزارەتی بازرگانیو پیشەسازی .

٣- رێگا پێدانی هەبێت لە بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی پارێزگاکان و ئیدارە سەربەخۆکان، هەر ٣ مانگ جارێك بەرهەمەکان دیاری بکات وپابەند بێت بەکاتی دانانی باج لەوەرزی بەرهەمهێنان، ناوو بڕی بەرهەم و دەروازەی هاوردەکردن دیاری کرا بێ.

٤- دەبێ هاوردەکار بڕوانامەی تەندروستی بەروبوومی هاوردەی هەبێت لەشوێنی بەرهەمهێنان کە ئەم بابەتانە لەخۆدەگرێت :-

أ- سەلامەتە لە نەخۆشیەکان .

ب- قڕکەری لەسەر بەکارنەهات بێت، ئەگەر بەکارهاتووە چ جۆرێکە وکەی بەکارهاتووە، و ماوەی سەلامەتی دیاری بکرێت.پشتگیریەکەی دیاری بکات کە ئەو بەرهەمەی ناردوویەتی پاش تەواوبوونی ماوەی سەلامەتی قڕکەرەکە نێردراوە.

ت- دەستکاری بۆماوەیی ( تعديل وراثي ) لەسەر نەکرابێت.

د- دەبێت هۆڕمۆنی گەشەکردن بەکارنەهاتبێت لەبەرهەم هێنانی .

٥- رێکەوتی بەرهەمهێنانی لە ٣/١ ماوەی گشتی بەسەرچوونی زیاتر تێپەر نەکردبێت لەکاتی پشکنینی لە دەروازەکان.

٦- دەبێ لە مەنەفێستەکە ئاماژە بەم زانیاریانەی خوارەوە کرابێت :

أ- ژمارەی بارهەڵگرو ناوی شوفێرەکە لەگەڵ بڕی بەرهەمی هاوردە .

ب- مەنەفێستەکە بەناوی کەسی داواکار بێت .

ت- مۆری پەسندکردنی کەرەنتینەی کشتوکاڵی لەپشت مەنەفێستەکە درابێت بۆ دڵنیابوون .

**ماددەی ( ٣ ):**

١- پاش جێبەجێکردنی مەرجەکان دەبێ کەرەنتینە پشکنینی خۆی ئەنجام بدات.

٢- دەبێ ئۆتۆمۆبێلی ساردکەرەوە بەکاربێت بۆ گواستنەوەی ئەو بەرووبومانەی پێویستی بەساردکەرەوە هەبێت.

٣- هەربارهەڵگرێك بۆی هەیە تەنها یەك جۆر بەرهەم هەڵبگرێت نابێ بەرهەمەکان تێکەڵاو بکرێت سەوزە بەجیا میوەش جیا.

٤- شێوازی داگرتن (تعبئة)ی بەرهەمەکان ئەبێ بەپێی رێنماییەکانی کەرەنتینەی کشتوکاڵی بێت و بەپێی تایبەتمەندی هەر بەرهەمێك وەك: تۆڕ، سندوق ، کیس ، نایلۆن.

٥- ئەگەر بەرهەمی هاوردەکراو لە پشکنین دەرنەچێت دەبێت بەپێی رێنما یی یە کارپێکراوەکان سزا بدرێت.

**ماددەی ( ٤ ):**

کار بەم ڕێنماییە دەکرێت لە ڕۆژی بلاوکردنەوەی لە ڕۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان) .

**عبدالستار مجيد**
**وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاو**